www.kurdistannet.org
30-10-2007 22:39بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**شەرمە بۆ کورد لە سەردەمی مام جەلال ـ دا وڵاتەکەی داگیر بکرێت. ! ... موحسین جوامێر**

لە مێژووی کوردا، وا ڕێک نەکەوتووە یەک لە سەرکردەکانی ـ لەبەر ئەوەی کوردە ـ ببێت بە سەرکۆمار و وڵاتێکی پڕ لە کێشە و هەرا، بەڕێوە ببا، ڕۆڵێکی کارای تێدا ببینێ و لەهەموو لایەنێکیشەوە قبووڵ بێت.. مام جەلال یەک لەو کەسایەتییە سیاسییانەیە، توانای ئەوەی هەیە ئەگەر کێشانیش بنبڕ نەکات، بە دەم و ڕاوێژی خۆش و سیحراویی؛ ئاگر و پریشکەکەی کەم بکاتەوە.. بەڵام هەر خوا بێکەموکورتییە، مام جەلال کە بوو بە خانەخوێ، ئەوە هەر مەپرسە، ئەوەی هەق و ڕەقە نایڵێت.. عەلی باباجانی وەزیری دەرەوەی تورکان، کە هاتە بەغدا، نەک هەر گلەییەکی لێ نەکرا؛ بگرە بوو بە خانەخوێ.. لە کۆڕە ڕۆژنامەوانییەکەدا لە بەغدا، ئەم بوو بە حاکم، مام جەلال و کاک هۆشیار زێباری بوون بە مەحکووم و خەتاباری نێو قەفەس.. کە باباجان چوو بۆ لای ئێرانییان، مام جەلال تەلەفۆنی بۆ ئەحمەدی نەجاد کرد، بەشکەم پەژیوانی دەکاتەوە لەو نیازەی هەیانە. کە پێشوازیی لە شاندە دۆڕاوەکەی عێراق کرد بۆ ئەنقەرە، وتی سەرکەوتنی عەجاییبیان وەدەست هێنا.

مام جەلال، دەتوانێ زۆر شت بکا، هەروەک چۆن ئەردۆگان ـ لەسەر ناهەقیی مەسەلەکەشی ـ دەیکا.. دەتوانێ پشتگیرییەکی جیهانی بۆ خۆی پەیدا بکا بۆ بەرگرتن لە لەشکرکێشیی تورکیا، نەک بەناوی کوردەوە؛ بگرە هەر بەناوی عێراقەوە.. تورکیا لە هاشووهووش زێتر، هیچی دیکەی نییە.. ئاخۆ کێ ڕێ لە مام جەلال دەگرێت ـ وەک سەرۆکێکی عێراق ـ لە ماوەی ئەم حەفتەیەدا، عەرش و قورش لە دژی تورکیا بووروژێنێت. ؟ بۆچی ئەم حەفتەیە بۆ ئەم کارە دیبلۆماسییە تەرخان ناکا، کە بارتەقای حەفتا ساڵەی خەباتی دوای هاتنەناوەوەی تورکیایە؛ کە بەدەست ماچکردنیش ناچێتە دەرەوە. ؟

سەیرە، تورکیا کە هەموو دنیا لە نیاز و ئامانجەکانی دەگا، تەنانەت پیاوی کەمزانیش دەزانێ کە کێشەکەی لەگەڵ پەکەکەدا نییە و مەبەست باشوورە، کەچی شەوی لەسەر ڕۆژ داناوە بۆ ئیمزاکۆکردنەوە لەسەر حەملە نارەواکەی.. وەلێ هێشتا مام جەلال ـ ڕەنگبێ ـ خەریکی نوکتەگێڕانەوە بێ و کاک هۆشیار زێباریش بێی هیچ مەرجێک دەچێت لە کۆنفرانسی تورکان لە تورکیا، بەشداری دەکات؛ لەگەڵ ئەو قاردانانەی دوای چەند ڕۆژی دیکە، دێن ئەو واقیعەی ئەم و ئەوانیدیکەی لەسەر کورسیی حوکم و سالاری دانا، دەکرێ بە خەیاڵ و بە دوور نازانری لە داهاتوویەکی نزیکیشدا هەر لێپرسراوێکی کورد ـ بە پێشخواردنەوە ـ ڕاوێژکارێکی تورکی هەبێت، لەسەر دەستووری: پیت دەوەستم؛ ڕاناوەستم.

29/10/2007

ohsinjwamir@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.